حکومەت شکست دەهێنێت لە کێنترۆڵی دۆلار و ئەمریکاش فشار دەخاتە سەر عێراق

حکومەت شکست دەهێنێت لە کێنترۆڵی دۆلار و ئەمریکاش لە ڕووی ئابوورییەوە فشار دەخاتە سەر عێراق بەرامبەر بە پشتیوانیکردنی لە دەزی فەڵەستین.

مستەفا گەرعاوی ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی،ئەمە سەشمە ڕایگەیاند حکومەتەکەی محەمەد شیاع سودانی سەرەکی ئەنجومەنی وەزیرانی،شکستگی گەورەی هێناوە لە کێنترۆڵکردنی نرخی ئاڵوگۆڕی دۆلار سەرەڕای ئەو پلان و چاکسازییانەی کە لە ڕابردوودا ئامادەکرابوون و دەستیان پێکرد.
گەرعاوی لەڵەدوانێکی تایبەتدا بە ئاژانسی"موتەبع" جەختیکردەوە " ڕەوشوێن و کەبوونەوەکانی پێشوو کە لە نێوان حکومەت وپارێزگاری بانکی ناوەندی و خاوەن بانکە حکومییەکاندا بەڕێوەچوو لەسەر کێنترۆڵکردنی نرخی دۆلار و بازرگانی پێنەکردنی لە ناوخۆدا سەرکەوتوو نەبوون"، ئاماژەی بەوەشکرد کە حکومەت شکستی هێناوە لە سەپاندنی کێنترۆڵی خۆی بەسەر سەقامگیری دۆلار بەرامبەر دیناری عێراقیدا.
وتیشی، "سەرۆک وەزیران دوێنێ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی پێوەندیدار کەبووەوە بە گفتوگۆکردن لەسەر جێبەجێنەکردنی پاکێجەکانی چاکسازی پێویست بە نرخی دۆلارەوە"، داوای لە سودانیش کرد چارەسەری کاریگەر بگرێتەبەر وەک ئەوانەی لەلایەن بانکی ناوەندییەوە دەرکران بە کێنترۆڵکردنی دۆلار لە

دەروازە سنوریەکان و باجەکانی گومرگی".

ئەو ئەندامەی لیژنەی دارایی ئاماژەی بەوەدا کە کاریگەری سیاسی ئەمریکا هەیە بە فشارخستنە سەر عەراق لە ڕووی ئابوورییەوە بەرامبەر بە پشتیوانیکردنی لە دەزی فەستین و پاپشتیکردنی خەکی غەزە دژی داگیرکاری زایۆنییەکان"،

جەختیشیکردەوە کە "عەراق هەوەدەدات لەسەر ئەو بابەتە گفتوگە بکات و فشار بخاتە سەر بانکی فیدرالی ئەمریکا بە دابینکردنی گوژمەکانی دەلار و لە کاتەکی دیاریکراودا".

وتیشی " هەوەستی عەراق لەسەر کەشی فەستین نەگەە و ئەمە هەموو تاوانەکانی زایۆنی ەتدەکەینەوە کەهەزی داگیرکار لە دژی فەستینییەکان ئەنجامی دەدات وهیچ گەانەوەیەک لەم بیارەش نییە".